# کەی سیخوڕەکان دادگایی دەکرێن؟؟؟

عومەر جەلال _چەمچەماڵ
omargalal2004@yahoo.com

نەتەوەی کورد جودا لە هەموو نەتەوەکانی دی بە سەدەها قۆناغی شکست و وێران کردنی دیوە ,چ جای ئەوەی هەمیشە قوربانیی دەستی ڕژێمە تۆتالیتارەکان بوولە هەموو پارچەکانی دا,هەر لە سەردەمی شێخ سەعیدی پیران و شێخ مەحمودی حەفید و قازی تا دەگاتە نسکۆی شۆرشی (1974 ) و دەسەلأتی سیاسی ئەم حیزبە کوردیانەی کە هەنووکە بەناوی شۆرش و بەرخۆدانەوە ,داهات و سامانی هەموو تاکێکی کوردیان قۆرخ کردووە,بێبەش نەبوونە لە قوربانیی و خەباتێکی قەشەنگ,هەمیشە هەموو شۆرشە کوردییەکان ,سەدەها سیخوڕ زیانیان لە گەشەسەندنی هێز و توانایان داوە,بەتایبەتی لە پاش ڕا پەرینەوە ئیشی سیخورەکانی بەعسیزم ئەوە بووە کە کاریگەریەکی نێگەتیڤ بکەنە سەر حیزبەکان هەر لە دەست تێوەردانی شەری ناوخۆ تادەگاتە ناچار کردنی حیزبەکان لە پەلکێشکردنی سوپای دەوڵەتێکی دی,وەك ئەو نموونە زیندوانەی کە لەشەڕی ناوخۆدا ڕووی دا ,دەست گرتنی سوپای ئێران و حکومەتی بەعس لە لایەن حیزبە کوردییەکانەوە, دەستی گەورەی جاسوسەکان وسیخورە تایبەتەکانی بەعس بەئاشکرا دەبینرێت,هەرچەندە گەورەترین هەڵەی حیزبە کوردییەکانی ئێمە وای لە دۆخە کرد کە زۆرترین سیخوڕ بتوانن گەورەترین پۆست پاوەن کەن,هەر وەك بینینی ڕۆژ ئاشکرابوون لە ناو پەرلەمان و حیزبەکان دا , پرسیارێکی سەیر دێتە ڕێگامان .ئایا حیزبەکانی ئێمەش بەشێك نەبوون لەو سیخوڕیەی کە گەورەترین زیانی دا لە کۆمەڵگەی ڕووخاوی کوردی؟دەشێ وەلأمەکەی ڕوون وئاشکرابێت و هەموومان ئەو زانیاریانە دەبینین لە ڕۆژنامەکانی ( هاولأتی و ئاوێنە )بلأو دەکرێنەوە,کە تایبەتە بە کەسە سیخۆڕانەی کە دەستیان هەبووە لە تێکدان و شێواندنی ئەو نیمچە ئازادییەی کە بە کولەمەرگی گوزەراندمان,دەبێت چەندەها کەسی دی کە هەنووکە خۆیان حەشار داوە لە ترسی ئەو زانیاریانەی کە بەرێوەیە .دەشێ هەنووکە ئەو سیاسیانەی کە خۆیان بە کەسی دڵسۆز دەزانن و ناویان لە لیستی ڕەشی سیخوڕەتایبەتەکانی بەعسیزمدایە هەست بەچی ئازارێك بکەن ؟من دڵنیام ئەو سیخوڕانە هیچ کەمتر نین لەسەرانی دیکتاتۆر کەلەدادگادا چاوەڕوانی پاداشتی وویژدانیان دەکەن سەیر لەوەدایە سیخوڕەکان کاتێك قسە دەکەن کەسێك نەزانێت ئەمانە ئێمەیان درووست کرد,هەرگیزاو هەرگیز هیچ کەس لە ئێمە دەنگی بەو کەسانە نەداوە کە نمایندەی ئێمە بکەن,دەسەلأتە باشتر لە ئێمە دەزانێت زۆرترین زانیاری لای بەرپرس و ئەندامی حیزبە کوردیەکانی خۆماندایە ,خۆیان لێی بێدەنگ کردووە و پەردەپۆشی دەکەن ,نازانن ڕۆژنامە سەربەخۆکان چۆن فایلە تایبەتیەکانی ئاشکرا کرد ئاوەها زانیاری زیاتر لەمەڕ سیخوڕەکان ئاشکرا دەکات,ماوەیەك لەمەو بەر لەیەکێك لە ڕۆژنامەکانی ئەڵمانیادا دیمانەیەکی گەورە ڕۆمان نوسی ئاڵمان(گۆنتەر گراسی )ی بلأوکردەوە بەئاشکرا باس لە سەردەمی سەربازی خۆی دەکات لەو هەڵانەی کردوونی لەتەمەنی لاوێتیدا ,هەرچەندەئاڵۆزییەکی زۆری لەناو ڕۆشنبیرەکانی ئاڵمان بلأو کردەوە,وەلێ دانپیانانێکی مرۆڤانە بوو ,جوانی (گراس ) لەوەدا بوو بەرلەوەی لەلایەن ڕۆژنامەکانەوە ئاشکرابێت خودی خۆی لە بایۆگرافیای دا باسی دەکرد.

مافی خۆمانە بپرسین ,ئایا ئەم سیخوڕ و کۆنە جاشانە کەی هەست بە ئیتیکی خۆیان دەکەن؟بۆ نایەن باس لە ڕابردووی قێزەوەنی خۆیان بکەن ,کە نەك هیچیان لە (گراس )زیاتر نییە بەڵکو وویژدانی مرۆیانەیانیش نییە.

ئەگەر وویژدانیان هەبایە ,ئەوا بەرلەوەی ناوەکانیان لەمانشێتی ڕۆژنامەکان بلأوبێتەوە ,خۆیان ناوەکانان ببردایە بۆ ڕۆژنامەکان,ئەم زانیاریانەی لەم ساتە ناسکەدا کە بلأودەکرێتەوە ئەوەمان پێدەڵێت ساتی ئەوە هاتووە تاوانبارانی کورد بدرێنە دەست دادگایەکی پەروەرانە,وەك ئەو دادگاییەی کە دیکتاتۆرو داروودەستەکەی سزا دەدات,ئەمە دەکاتە ئەوەی ئێمە نەتەوەیەکەین لە جەلاد دەبوورین,ئەگەر بێدەنگ بین لەو سیخوڕە نەگریسانە,واتە بەکورتی ئێمە بەدوای دیکاتۆر دا دەگەڕێین

و داوا دەکەین دیکتاتۆر زیندوو بێتەوە ,من دڵنیام ئەگەر ئەم سیخوڕ و کۆنە جاشانە نەبایە هەرگیز ئەنفال و وێران کردنی گوندەکان و کیمیا باران نەك ڕووی نەئەدا ,بەڵکو ئەو هەموو دەردەسەرییەی بەسەر کورداهات زۆر بەکەمی دەبوو.
ئەم سیخوڕانە ترسێکیان لای کەسایەتی ئێمە درووست کردبوو لەناو خێزانی خۆیدا جورئەتی ئەوەی نەبێت باسی کوردایەتی بکات,منداڵەکانی ئێمە نەیان دەتوانی (ئەی ڕەقیب)بەدەنگی بەرز بڵێنن,تەنانەت شەقامە ڕەنگاو ڕەنگەکانی شارەکان بۆنی خوێنیان گرتبوو ,لەترسی گوێی سیخوڕەکان ,هەمیشەسیخوڕەکان دەهاتنە ناو ڕۆحی کەسایەتی ئێمەوە ,ئێستا دەسەلآت ئەو ڕێزەی لەوانی دەگرێت نەك لە قوربانیانیی بەعسیزم ,بەڵکو لە کەسایەتی خۆیشیانی ناگرن,ئەو پلەو پایەو دەسەلآت و پاداشت و گەورەییەی کە دەسەلآتی ئێمە بە سیخوڕاکانیان بەخشی نیو هێندە بە کەسی دڵسۆز و نیشتمان پەروەریان نەبەخشی,هەنووکە تاکی کوردیی لەو نیگەرانییە گەورەدا دەژێت و نازانێت ئەم سیخورانە بۆ بەو شێوازە خزمەت دەکرێن و ترسێکی گەورە لای هەموومان درووست بووە نازانین دەبێت چەندین سیخوڕی دی لەناو دەسەلآت و کۆی دەسگا هەستیارەکان دا بێت؟؟؟ڕەنگە ئەمە گەورەترین و ئازاراویترین نیگەرانی لای هاوولآتیان درووست بکات بەشاردنەوەی ئەوە کەسانەی کا تا هەنووکە ناویان ئاشکرا نەبووە ,بە ئارەزووی خۆیان گەمە بە هەست و ڕۆحی ئێمە دەکەن.من وەك خودی خۆم زۆر بەختەوەر بووم بە دواین زانیاری ئەو ناوانەی کە بلآوکرایەوە کە دەستیان لە ناو دەستی ڕژێمی بەعسدا هەبووە و خوازیارم ڕۆژێك دابێت ناوی هەموو تاوانکارانی بەعس و ئەو سیخۆڕ و جاشانە ئاشکرا بێت کە گەمەیان بە خوێنی شۆرشگێڕانی کورد کردووە ,ئومێدێکی زۆریشم هەیە ڕۆژێك دابێت بەسزای خۆیان بگەن ,وە ببێتە هێمایەکی ڕوون و دیار بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت بە ئاشکرا ڕۆحی کورد کۆتا پێ بێنن.ئەم سیخورانەی دوێنێ هەستی کوردایەتیان لاواز دەکرد ,ئەمڕۆ نەك دادگای ناکرێن لەلایەن دەسەلآتەوە باشترین خزمەت دەکرێن ,هەر لە پاراستنی ئاسایشی ژیانیان تا دەگاتە ئەو هەموو جیاوازیانەی کە لەتەك کەسێکی ئاسایدا دەکرێت,هەمووماں باش دەزانیین ئەو گەندەڵی و نا دادپەروەرییەی ئەمڕۆ کە یەخەی دەسەلآتی گرتووە وە بائاقارێکی ترسناکی بردووە ,من پێم وایە کە ئەو کەسانەی کە ڕۆژانێك خزمەتی بەعسیان دەکرد ,ئەمڕۆ هەر ئەو کەسانەن کە بونەتە هۆی لاوازی ئەو سیستمە پەڕاگەندەیەی ئەمڕۆ دەبینرێت ,هەمیشە نوسەرو قەڵەمە بوێرەکان داوا دەکەن لەدەسەلآت ئەو سیخوڕ کۆنە جاشانە لە خۆی دوورەوە نەکات ,هەرگیز ناتوانێت بەو خەونە بگات دەیەوێت,ئیدی نازانم دەسەلآتی ئێمە ئەگەر بەشێك نین لەو سیخۆڕ و بەعسیانە چ کاریان پێماوە بۆ دادگاییان ناکەن؟؟؟چ هەست وسۆزێکیان بەرانبەر بە و سیخوڕانە هەیە کە هەموو کەس دەزانێت بۆچی لەناو دەسەلآتدا دەمێننەوە,ئەگەر کەسە دڵسۆزەکانی حیزبەکان هەڵنەستن بەم کارە ,ڕەنگە زەنگێکی ترسناك بەرێوە بێت,ئەمەدەکاتە ئەوەی دەسەلآتی ئێمە ڕۆحی هاولآتیان دەکوژێت و دڵی دایکی شەهیدان دەشکێنێت و جەنگی دەروونی لەتەك خەڵکیدا دەکەن ,ئەگەر نا بۆ ئەو سیخورە تاوانبارانە نادەنە دادگا؟؟؟دادگایەکی نموونەیی نەك ئەو دادگاییەی کە لە کوردستان پراکتیزە دەکرێت